لەم ژمارەیەدا
ل3 بە 42 شۆك بووم!
ل4 کێشەی نێوان دایك و باوك و کاریگەری خراپی بۆ سەر خوێندکار
ل5 ژنان چیان ویستو چیان بۆ کرا
ل7 تۆ بەردەوام لەگەڵمدایت..

گەلـــ ڕۆژی
ROJI GEL
هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیریی گشتییە, حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات
ژمارە (148) یەکشەممە 2006/5/14

## ئۆجەلان بانگی کۆنسەی یەکێتی ئەوروپا دەکات

عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی زینداینکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان لەدوایین دیداری خۆیدا کە ڕۆژی 10-5-2006 لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەکەی و پارێزەرانیدا پێکهاتبوو بەتووندی ئەو بڕیارەی دادگەی تورکیای ڕەتکردەوە کە ڕێگەنادات سەرلەنوێ دادگەیی بکرێتەوە. ئۆجەلان ئەو بڕیارەی بە نایاسایی لەقەڵەم داو هیوای خواست هەتا کۆتایی بنەماکانی یاسا جێبەجێبکرێن. هەر بۆ ئەم مەبەستە ڕووی دەمی لەکۆمیتەی وەزیرانی کۆنسەی ئەوروپا کردو لێیخواستن کە بڕیارەکانی دادگەی مافی مرۆڤ، ئەوروپا لەبەر چاو بگیرێنو بەگرنگییەوە بنرخێندرێن. دووپاتی کردەوە کۆمیتەی وەزیرانی کۆنسەی ئەوروپا بەرپرسیارە بۆ ئەوەی تورکیا گوێ لەداواکانی دادگەی مافی مرۆڤی ئەوروپا بگریو بڕیارەکانی ئەو دادگەیە جێبەجێ بکات.

# لێپرسینەوە لە سامانی وەزیرەکانی کوردستان ناکرێ، بەرپرسە عێراقیەکانیش ئامادە نین سامانی خۆیان ئاشکرا بکەن

وەزیرەکانی کابینەی حکومەتەکانی وڵاتان لەدەستپێکدا سەروەتو سامانی خۆیان بۆ حکومەتو میدیاکانو کۆمیتەی دەسپاکی ئاشکرا دەکەن، تا دوایی لەو ڕێگەیەوە بتوانرێ بەراورد لەنێوان سەروەتو سامانی پێشوویان لەگەڵ سەروەتو سامانی دوای کارەکانیان بکرێ.

لەپێکهێنانی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم خاڵە بە ژێر لێوانیشەوە باسی لێوە نەکرا. سەرچاوەیەکی نزیك کە نەویست ناوی ئاشکرا بکرێ، سەبارەت بەو مەسەلەیە گوتی: هەموومان دەزانین کە حزب بۆی دابین کردوون، بۆیە پێویست ناکات پرسیاریان لێبکرێ.

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەك لەدەستەی نەزاهەتی گشتی عێراق ئاشکرای کردووە کە 40٪ لە بەرپرسەکانی عێراق ئامادەنەبوونە ئەو فۆڕمە پڕ بکەنەوە کە سەروەتو سامانیان تۆمار دەکات. سەروەتو سامانی کەسەکان تەواوی خانوو، زەوی، ئۆتۆمۆبیلو کۆمپانیا دەگرێتەوە کە لەسەر ناوی خۆیانەوە تۆمارکراون، لەگەڵ ئەو بڕە پارەیەی کە لەبانکەکاندا هەیانە.

بەگوێرەی سەرچاوەکە بەرپرسە عێراقیەکان بۆ شاردنەوەی سەروەتو سامانەکانیان هەوڵدەدەن موڵكو سامانەکانی خۆیان بۆ سەر ناوی نزیکانی خۆیان بگۆڕن، ئەمەش فێڵێکی دیکەو گەندەڵیەکی دیکەیە. شیاوی باسە بەرپرسەکان لەکاتی وەرگرتنی پۆستەکانیاندا سوێند دەخۆن کە دڵسۆزانە خزمەت بکەن، پارێزگاری لەموڵکی گشتی بکەنو سەرپێچی یاسا نەکەن، ئەم سوێندە لایەنی ڕەوشتیو ویژدانی هەیە، بۆیە زۆرێك لە بەرپرسان بەو سوێندە پابەند نابنو دەستەڵاتی خۆیان بۆ کۆکردنەوەی سەروەتو سامان بەکاردەهێنن.

## فڕۆکەکانی تورکیا ئاسمانی باشوور دەبەزێنن

خەڵکی ناوچەکانی گەلی ڕەشو دەشتی هرتیێ بە چاوی خۆیانەوە ئەو فڕۆکانەیان بینیووە کە ڕۆژانی 11و12ی ئەم مانگە لەئاسمانی ناوچەکەدا سووڕاونەتەوە. سەرچاوەکانی هەواڵ باسیان لەوە کردبوو کە ئەو فڕۆکانە نەناسراوبوونە، بەڵام خەڵکی ناوچەکە بینیویانە ئەو فڕۆکانە بەرەو تورکیا ڕۆشتوونەتەوە. جێگەی پرسیارە بۆچی تاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێمو لایەنە پەیوەندارەکان لێدوانی فەرمییان سەبارەت بەو سنوور بەزاندنەی فڕۆکەکانی تورکیا نەداوەو بێ دەنگییان هەڵبژاردووە !!.

ژەنەڕاڵەکانی سوپای تورکیا ماوەیەکە هەڕەشەی لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی باشووری کوردستان دەکەنو ڕاشکاوانە دەڵێن: هەرکاتێ پێویست بکات بۆ پاراستنی هێمنایەتیو بەرژەوەنی نەتەوەیی خۆمان سوپا ڕەوانەی باشووری کوردستان دەکەین. سەرۆك تاڵەبانی گوتبووی کە کۆندۆلیزا رایسی وەزیری دەرەوەو رامسفێڵد وەزیری بەرگری ئەمریکا بەڵێنیان داوە کە ڕێگە بە تورکیا نەدەن لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی کوردستان بکات، بەڵام عەبدوڵڵا گولی وەزیری دەرەوەی تورکیا ئەو لێدوانەی بە گاڵتەوە وەرگرتو بەڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند ئەوان باکیان بەو لێدوانانە نیەو هەرکاتێ بیانەوێ دەربازی باشووری کوردستان دەبن.

## حەمەسەعید حەسەن داوای بووردنی کرد



بڕیاربوو ڕۆژی 2006-5-11 نووسەری ڕەخنەگر (حەمەسەعید حەسەن) لەسەر سکاڵایکی (دکتۆر عەبدوڵڵا ئاگرین)، بەتۆمەتی ئەوەی لەنووسینێکی ئینتەرنێتیدا کە پێشتر لەماڵپەڕی کوردستان نێتدا بڵاوکرابۆوە، سووکایەتی پێکردووەو بوختانی بۆ هەڵبەستووەو مێژووی شێواندووە، دادگەیی بکرێ، بەڵام ڕۆژێك پێشتر داوالێکراو ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوەو ڕایگەیاند:

{نووسینەکەم پشتی بەسەرچاوەو بەڵگەنامەیەك بەستبوو، بەڵام ئێستاش کە بۆم دەرکەوتووە، ئەو (بەڵگەنامە!)یە ساختە بووەو سەرچاوەی ئەو زانیارییەش هەڵە بووە، بۆیە چونکە پشتم بە ژێدەرێکی ساختە بەستبوو، بە پێوستی دەزانم داوای بووردن لە د. عەبدوڵڵا ئاگرینو لەخوێنەران بکەم}. ئەو داوای بووردنە وایکرد کە داواکار سکاڵاکەی خۆی بکێشێتەوەو گەردەنی ئازاد بکاتو دادگەیی کردنەکەش هەڵبوەشێتەوە.

لەماوەی ڕابردوودا سەبارەت بەو کێشەیە چەندین هەوڵی ئاشتبوونەوە درابوو، بەڵام نە نووسەر ئامادەبوو داوای بووردن بکاتو پەشیمان بێتەوە، نە دکتۆر ئاگرینیش دەستبەرداری داواکەی دەبوو. ساڵی ڕابردوو لەسەر داوای ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم دادگە بڕیاری گرتنی حەمەسەعید حەسەنی هەڵوەشاندبۆوە، کێشەکە ڕاگیرابوو، بەڵام داواکار جەختی لەسەر داواکەی دەکردەوە، سەرەنجام بەڵێنی خۆی بردە سەرو داوالێکراوی ناچار کرد لەنووسینەکەی خۆی پەشیمان بێتەوەو داوای بووردنی لێبکات!.

## ئیستەنبۆڵ: خوێندکارانی کورد ئازار دەدرێن



هەواڵەکانی تورکیا بڵاویان کردەوە کە ڕۆژی 2006/5/9 دەیان خوێندکاری ڕەگەزپەرستی تورکیا کە ئالای تورکیایان بەرزکردبۆوە لەبەردەم نووسینگەی سەرۆکی زانکۆی تەکنیکی کۆبوونەوەو سەبارەت بە ئاهەنگی بەهاری کە خوێندکارانی کورد لەو زانستەگەیەدا سازیان کردبوو، ناڕەزایی خۆیان پیشاندا. پاشان ئەو تورکە ڕەگەزپەرستانە پەلاماری چەند خوێندکارێکی کوردیان داو زۆریان لێدان، لە ئاکامدا 2 خوێندکار بەسەختی بریندار بوون. هەرچەندە زوو ئاگاداری پۆلیس کرایەوە، بەڵام بە ئەنقەست زۆر درەنگ بەدەنگ داواکەیانەوە هاتن، کاتێ هێزەکەی پۆلیس گەیشتە شوێنەکە خۆیان لە تورکە فاشیستەکان نەگەیاند، تەنیا خوێندکارە برینداەکانیان ڕەوانەی نەخۆشخانە کرد. خوێندکارە کوردەکان پێیانوایە کە پێشتر ڕێککەوتن لەنێوان پۆلیسو تورکە فاشیستەکاندا هەبووەو پۆلیس زانیویەتی کە ئەو کاتە هێرش دەکرێتە سەر خوێندکارانی کورد، هەر بۆیە ئەو ڕۆژە خۆیان لە شوێنەکە دوور خستۆتەوە.

## ڕۆژەڤ ڕۆژەڤ

سەندنەوەی ماف یەکێك لەئەرکە گرنگو پێویستیەکانی مرۆڤی تێکۆشەرە، دەبێ مافخوراو بۆ خۆی پێشەنگی خەباتی وەدەستهێنانەوەی مافەکانی خۆی بکات. هەرگیز داگیرکەرو مافزەوتکەران ئەگەر هەست بەگوشارو هێزی بەرانبەریان نەکەن، دەستپێشخەری ناکەنو مافی زەوتکراوان ناگێڕنەوە. ئەوانەی چاوەڕوانن کە مافخۆر بۆخۆی مافووری سوور لەژێر پێی خواستی بندەستان ڕابخاتو سەروەرییان بۆ بگێڕێتەوە، لەئاوی لێڵدا مەلە دەکەن، لەدوا وێستگەشدا ئامانجیان خزمەتکردن بەچینی فەرمانڕەواو سەردەستانە. وەرگرتنەوەی مافی ژنانیش بەتێکۆشانو خەباتی بەردەوامی ژنان خۆیانەوە وەدەست دێ، ئەوانەی چاوەڕوان بوون پیاوان بۆ خۆیان بانگ رادێرنو ڕێگە بۆ ژنان خۆش بکەنو دەستەڵاتیان بۆ بگێڕنەوە، سەری خۆیان لەبەردا دا. ئیتر دەبێ چاوێك بەهەڵوێستو ڕامانی خۆیاندا بخشێننەوە. حزبی ڕزگاریی کوردستان هەر لەسەرەتاوە باوەڕی وابووە کە مەبەست لەپێکهێنانی ڕێکخراوی تایبەتی ژنانو ئافرەتان، خزمەتکردن بەپیاوانو سیاسەتی حزبەکان بووە. ئارمانج دابڕاندنی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێیە. خواستوویەتی کە ژنان کارو تێکۆشانی خۆیان لەنێو حزبەکاندا چڕ بکەنەوەو هەوڵبدەن بەلووتکەی دەستەڵات بگەن، ئەندامێتی سەرکردایەتیو پۆستە گرنگەکان مسۆگەر بکەن، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە لێبڕاوانە بانگی ژنانو ئافرەتانی کردووە کە پاشکۆیەتی پەسند نەکەنو خۆیان دەنێو ڕێکخراوێکی بەرتەسکدا قەتیس نەکەن، ڕاشکاوانە لەنێو پانتایی دەستەڵاتی حزبەکاندا جێگە بگرن. ئێستا دوای پێکهێنانی کابینەی حکومەتەکان ئەو ڕامانە ڕاشکاوانەتر سەر ڕاست بۆتەوە، ئیتر دەبێ ژنانو ئافرەتانیش لەهەوڵی گێڕانەوەی مافی زەوتکراوی خۆیان دابن، چیتر بە بانگەشەی پیاوانەوە تەفرە نەدرێنو ڕێگە نەدەن کە حزبەکان ببن بە یەکێتی پیاوان. لەلایەکی دیکەشەوە دەبێ ژنانی ئازادیخواز ئەو ژنانە بە نوێنەری خۆیان نەزانن کە لەپەنای پیاوانەوە پۆستیان پێسپێردراوەو بە هەوڵو تێکۆشانو لێزانی خۆیانەوە جێگەیان نەکراوەتەوە. مخابن ئەمڕۆ لەنێو گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا هەندێك ژن خەرمانی ڕەوانشادانی بنەماڵەکەیان دەخۆنو لەپەنای پیاوانەوە جێگەیان دەکرێتەوەو پۆستو دەستەڵاتیان پێدەسپێردرێ، دەبێ ژنان بە وریاییەوە ڕەفتار بکەنو ئەو خێرپێکردنە ڕەت بکەنەوە. ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا نەهاتبانە عێراقو ڕێژەی 25٪ نەسەپاندرابایە، لەوانەیە ئێستا ژمارەیەکی یەکجار کەم لەژنان ئەندامێتی پەرلەمانیان پێدەدرا. ئێمە دیاریکردنی ڕێژەی ژنانو پیاوان بەڕاست نازانین، دەبێ هەردوو ڕەگەزەکە بۆ وەدەستهێنانی ڕێژەی زیاتر کێبەرکێ بکەن، دەبێ ژنان بزانن دەنگ بە کامە لیستو بەکامە حزبو بەکامە پالێوراو دەدەن، هیواخوازین ئەمە وانەیەکی بەسوود بێو لەهەڵبژاردنی داهاتوودا ژنان بیخوێننەوە.

